# دەستەڵادارانی یەکێتی مێژووی تاڵاوی بەعسیەکان لەکوردستاندا دووبارە دەکەنەوە !

هێشتا بیری خەڵك نەچووتەوە کە چۆن جەلادەکانی بەعس بەشەو بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ مافێکی شەخسی و تایبەتی تاکەکان و جێگەی ژیانیان هەڵیان دەکووتایە سەر ماڵان و رۆڵەکانی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستانیان ڕاپێچی قەسابخانە تاریکەکانی لەبابەت ئەمەنە سوورەکەو و ئەمنی کەرامەو چەندین شوێنی قێزەوەنی تری لەو بابەتانە دەکرد. هێشتا برینی تەنانەت هەندێ لەدایکانی ئەو گیراونەی کە لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەی کوردستاندا رۆڵەکانیان دەستگیرکراوە سارێژ نەبووەتەوە ، ئاسایشەکانی یەکێتی ئەو یادەوەریە تاڵانەیان بۆ جارێکی تری بەبیری خەڵکی کوردستان هێنایەوە کە چۆن خەڵکی ناڕازی دژ بە بەعس لەزیندانەکاندا بەبێ هیچ تاوانێك بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەمانەوە . ئەوتا زیاتر لەدوو هەفتەیە و بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یاسای چەندین خۆپیشاندەر لەزیندانەکانی یەکێتیدا هێشتا دەست بەسەرن. ئەوەتا بەدوور لەهەموو پرەنسیپ و مەسەلە یاسایەکان و بۆ بەرگرتن بە بەردەوام بوونی شەپۆلی نارەزایەتی خەڵك سەبارەت بە نەبوونی سووتەمەنی و کارەبا ، ئاسایشەکانی یەکێتی بەبێ هیچ دادگایکردن و ئیسپات بوونی تاونێك لەسەر هەریەکێك لەگیراوەکان ، بەردەوامە لەسەر بەرنەدانی خۆپیشاندەران.

بۆ هەموو کەسێك ئاشکرایە کە بێجگە لەدەستەلاتە سەرکوتکەرەکان ، هیچ دەستەلاێك رێگە بەخۆی نادات کەسێك زیندانی بکات تاکو ئیسپات نەبوونی تاوانێك لەسەری ، بەلاَم دیارە ئاسایشەکانی یەکێتی بەم رەوشتەیان پارێزەری چ جۆرە دەستەلاتێکن ، وەئەو شێوە مامەڵەکردنەیان لەگەڵ شەپۆلی نارەزایەتی خەڵك رەنگدانەوەی چی بەرنامەیەکی سیاسی ئەو دەستەلاتەیە کە ئەوان پارێزەرین. بەجیاواز لەهەر دەستەلاتێك کە تەنانەت بییەوێت رووی زەردی خۆی لەلای دانیشتوانەکەی سپی بکاتەوە ، هەروەك نمونەکانی دەبینین لەووڵاتانی پێشکەوتوو ، بەرپرسان لەدەرئەنجامی ناڕازی بوونی خەڵك لێیان و گەندەڵی کارەکانیان دەست لەکار دەکێشنەوە و لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە داوای لێ بوردن لەخەڵکی دەکەن ، کەچی دوور لەو دیاردە شارستانەی و پڕ مەسئوولیەتە ، بۆ زیاتر لەدوو هەفتە دەچێت یەکێتی خەڵکێکی زۆری لەزیندانەکانیدا گیر کردووە و هەر رۆژە بەبیانوویەك ئەیانهێڵێتەوە .

بۆیە ئێمە لەم بەیانەدا رایدەگەیەنین کە دەستەلاتدارانی کوردستان پێویستە ئەو راستیە بزانن داخوازی خەڵك بۆ ئەوە نەبوو کە لەزیندان قایم بکرێن و بەزیندانی کردنی ئەوانە کوتای بە مەسەلەی ناڕازی بوونی خەڵك بهێنرێت ، بەڵکو ئاگادار کردنەوەی دەستەلاتە لەو راستیەی کە چیتر خەڵکی کوردستان تەحەمولی ئەوە ناکەن بێ بەش بن لەسەرتایترین پیداویستیەکانی ژیان ، تەحەموولی ئەوە ناکەن کەئەوان لەسەر دەریایەك نەوت ئەژین کەچی ئەو هەموو ئەزمەی سووتەمەنی و کارەبا و گرانی بازاڕ و چەندین گرفتی تری لەو بابەتەیان هەبێت . ئەگەر دەستەلاتی یەکێتی ئەیەوێت لەخەڵك تێبگات لانی کەم لەئێستادا وەلاَم بە شەپۆلی نارەزایەتی خەڵك بداتەوە ئەوە پێویستە دەستبەجێ :

1- هەموو زیندانیەکان دەستبەجی و بێ هیچ قەید و شەرتێك ئازاد بکرێن .
2- دەستبەجی کێشەی کارەبا و سووتەمەنی و بێ سەروبەری و گەندەڵی چارەسەر بکات .
3- ئەوانەی کەلەم چەند رۆژەدا لەزیندان بوون قەرەبوو بکرێنەوە و بەشێوەیەکی رەسمی داوای لیبوردنیان لێ بکرێت.
4- خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین وەك مافێکی بێ قەید و شەرتی خەڵك بەرەسمی بناسرێت .

جەماوەری خەڵکی ناڕازی کوردستان !

ئێوە ئەو خەڵکە بوون کە درندەترین دەستەلاتتان لەناوچەکەدا لووت شکاند ، ئێوە بەدەستی رووت هەڵتان کوتایە سەر ئەو قەسابخانەیانەی کەرۆڵەکانتانی بەبێ هیچ تاون و تەنیا لەبەر ناڕازی بوون بەدستەلات و کورد بوون بێ سەرو شوێن دەکرد . ئەگەر پێتان خۆشە ئەو مێژووە دووبارە نەبێتەوە ، ئەگەر پێتان خۆشە ترس و تۆقاندن بەر بە ئارەزوو و خواستەکانتان نەگرێت و دەستەلاتی سەرکوتکەر پێی خۆی قایم نەکات لەکوردستان پێویستە بێدەنگ نەبن لەبەرامبەر هیشتنەوەی هەلسوراوانی خۆپیشاندانەکان و رۆڵەکانتان لەزیندانەکاندا ، پێویستە دەستبەرداری خواستەکانتان نەبن و بەردەوام بن لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین

لەسەرتاسەری کوردستان ، پێویستە یەکێتی بزانێت شەڕی ئێوە لەگەڵ ئەواندا شەڕی "ئاژاوەگێری" نیـیە وەك خۆیان دەڵێن ، بەڵکو شەڕی بەدستهێنانی ژیانێکە کە شایستەی ئێوەی بەشمەینەت بێت ، شەڕێکە ئێوە چەندین ساڵە قوربانی بۆ دەدەن و ئەرکی حکومەتی هەرێمە بەرهەمەکەیتان بخاتە بەردەم . شەڕی ئێوە شەڕێکە کەچیتر قەبووڵ ناکەن دۆست و لایەنگران و سەرانی هەردوو حیزب ( یەکێتی و پارتی) بەبەرچاوی ئێوەوە لەهەموو شت بەهرەمەندبن ئێوەش نەبوونی و بێ کارەبای و بێ ستوومەنی بەدرێژایی پانزە ساڵ بەشتان بێت وەئەگەر ناڕازیەتیشتان دەربڕی زیندانی بکرێن.

کۆمیتەی دەرەوەی

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق

ناوەڕاستی ئۆگستی 2006